**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١ ) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٣)ی ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٢٧ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٣

## یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی

## لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ی ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:** بەندێك بە ریزبەندی (٦) بۆ بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی (١٦)ی یاساکە زێدە دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٦- پارێزەری راوێژکاری تۆمارکراو لەم سەندیکایە بۆی هەیە کۆمپانیاییێکی پیشەیی بۆ پارێزەرایەتی و راوێژی یاسایی دابمەزرێنێت، کۆمپانیاکە کەسایەتی مەعنەوی وەردەگرێت و لە تۆماری تایبەتی سەندیکا تۆمار دەکرێت.

**دووەم:** بنەچەی بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (١٦)ی یاساکە دەکرێتە بەندی (١) بۆی، و بەندێك بە ریزبەندی (٢) بۆی زێدە دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٢- لە کاتی دامەزراندن لە فەرمانگەکانی هەرێمدا ماوەی هەڵسان بەکاری پارێزەرایەتی وەك ڕاژەیەکی کردارەکیی بۆ مەبەستەکانی سەرمووچەو بەرزکردنەوەو خانەنشین کردن هەژمار دەکرێت.

**ماددەی دووەم:**

بەندێك بە ریزبەندی (٣) بۆ بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٩)ی یاساکە زێدە دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٣- پارێزەری بیانیی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە لە هەرێمدا بە پیشەی پارێزەرایەتی هەڵبستێت بەپێی ئەو ستاندەرانەی ئەنجومەن دیاریان دەکات.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەیەك بۆ حوکمە کۆتاییەکانی یاساکە بە ریزبەندی (٨٠) زێدە دەکرێت و ریزبەندی ماددەکانی دواتری بەگوێرەی ئەمە چاك دەکرێت:

ماددەی ٨٠:

پارێزەری تۆمارکراو لە تۆماری سەندیکا مافی هەیە شایستە خانەنشینیەکانی ئەو سالآنەی لە دەرەوەی هەرێمدا لە دوای ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٢ بە پیشەی پارێزەرایەتی هەڵساوە بدات و بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە بە ڕاژە هەژمار دەکرێت.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ مەرجەکانی ئەندامبوون و کردنەوەی خول بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی پارێزەران دەربکات.

**ماددەی پێنجەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستکارەکان

لەپێناو دووبارە ڕێکخستنەوەی پیشەی پارێزەرایەتی و کاروباری پارێزەران بەپێی بنەمای دروست کەوا یاوەری گەشەسەندن و پێشکەوتنە کۆمەلآیەتی و ئابورییەکانی ئێستای هەرێم بکات، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوویندرا.